وەزارەتی دادگای تورکیا بڕیاریدا بە لێسەندنەوەی پۆستی سەرۆکی شارەوانی وان لە عەبدوڵا زێدان

لەسەر داوای وەزارەتی دادی تورکیا، دادگا مافی خۆهەڵبژاردنی لە عەبدوڵڵا زێدان، بەربژێری پارتی دەم بۆ سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی وان سەندەوە، لە کاتێکدا 55%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و بڕیاری دەستبەکاربوونیش بۆ عەبدوڵاهات ئارڤاس، بەربژێری ئاکپارتی دەرکرا.

ڕۆژی هەینی 29ی ئازاری 2024 وەزارەتی دادی تورکیا، تانەی لە دادگا تۆمارکرد لەبارەی بەربژێربوونی عەبدوڵڵا زێدان، لە پارتی دەم بۆ سەرۆکایەتی گەورەشارەوانی وان، بۆ ئەوەی مافی خۆهەڵبژاردنی لێبسەندرێتەوە، بەهۆی ئەوەی پێشتر زیندانییکراوە.

دادگا تانەکەی وەزارەتی دادی پەسەندکرد و مافی خۆهەڵبژاردنی لە عەبدوڵڵا زێدان وەرگرتەوە.